لەم ناونیشانەوە خشتەی کاتەکانی گرووپەکەی خۆت ببینە:
koronarokotus.hel.fi

koronarokotus.hel.fi

## ١.

لەم ناونیشانەوە کات بۆ پێکوتەی کۆرۆنا بگرە **koronarokotusaika.fi** یان ٠٩٣١٠٤٦٣٠٠ (دووشەممە هەتا هەینی، کاتژمێر ٨ بۆ ١٨).

## ٢.

دەقی ئەو پەیامەی بۆ تەلەفۆنەکەت یان بۆ ئیمەیلەکەت هاتووە، بپارێزە.

## ٣.

ئەگەر نیشانەی دەرهاویشتەی نزیك لە نیشانەکانی کۆرۆنات هەیە، مەیە بۆ کوتان. ڕەچاوی پاکوخاوێنیی دەستەکانت بکە، ماسك بەکار بهێنە و لایەنی کەم دوو مەتر دووربە لە کەسانی تر. ڕێنوێنیی وردتر لەم ناونیشانەوە بخوێنەرەوە:
**koronarokotus.hel.fi**

## ٤.

بۆ وەرگرتنی پێکوتە، بڕۆ بۆ ئەو جێیەی کە لەگەڵ کاتگرتنەکەدا پێت ڕاگەیاندرابوو. ناسنامەی فەرمی لەگەڵ خۆت ببە، بۆ سەلماندنی کەسایەتیی خۆت.

## ٥.

پێکوتەی دووەم

دوای ١٢ هەفتە لە وەرگرتنی ژەمی یەکەمی پێکوتە، ژەمی دووەمت بۆ دەبێت. دەتوانیت لە هەمان کاتدا، بۆ هەردوو ژەمە پێکوتەکە کات بگریت.

## ٦.

یەك هەفتە

دوای هەفتەیەك لە وەرگرتنی ژەمی دووەمی پێکوتە، ئینجا ئەوە دەگەیەنێت کە بەرزترین ڕادەی پێکوتەکەت وەرگرتووە. تەنانەت لەدوای ئەمەش، ڕەچاوی ڕێوشوێنەکانی پارێزبەندی بکە.